www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-11-2005 21:22

# میتۆدی زەبرو زەنگ! ... سەرکەش

ئوپسال/ سوید a_sarkash@hotmail. com

لەپێناو ئازادی تاک و کۆمەل لەپێناو ئازادی ڕادەربڕن پێشکەشە بەگیانی خۆڕاگر وقارەمانانەی د. کەمال و هەموو ئەوانەی وەک د. کەمال دەبنە فیلەتەنی ڕێنسانسێکی تر بۆ نەوەی نوێ!



**دةمطرص ئـة ممـا**
**لةطرتووخانة أق ئةستوورترم**
**لمم دةدا ئـة ممـا**
**لةسةرداوا أةواكةم سوورترم**
**دةمكوذص ئـة ممـا بةطذ جةلادةكةم دادىمةوة**
**كوردم و ناتوىمةوة ناتوىمةوة ناتوىمةوة**

**(هىمن)**

تارۆژگاری ئەمڕۆ میتۆدی زەبروو زەنگ بەشێك لە کلتووری دەسەلاتە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، دیارە ئەمەش مێژوویێکی دوور و درێژی پڕلەتراژیدی خۆی هەس. ئیمپریاتۆرییەتی شمشیر و سەر پەڕاندن نەما، ڕووخا، بەلام کلتووری بەربەرییانەی زەبرو زەنگ بە میرات بۆحکومەت و دەسەلات بەجێما.

ستالین و دیکتاتۆرییەتی ستالیینی هەڕەفا تێکشکا بەلام کلتووری ستالینی وەک میرات بۆ حزب ودەسەلاتداران مایەوە. ئەوەتا سیستێمی هەر حزبێک هەر حکومەتیك بگری لە ڕۆژهەلاتاناڤین بە هەردوو حکومەتە (بەبۆکە) وساواکانی کوردستانیشەوە، مۆرکی ستالینی و ڕەفتاری ستالیینیانە لەحوکم وفەرمارەواییەتیاندا زەق زەق دیارە، کامە سەرۆک و ڕێبەری حزب وحکومەت، لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست ستالینێک نییە بۆخۆی.

بەعس سەرکووتکرا دەسەلات و ماشێنە سەربازییەکەی وێران و خاپوورکرا، بەلام کلتووری بەعس تێڕوانین و بیرکردنەوەی بەعسیانە لە سیستێمی دەسەلاتدارەتی هەر زیندووەو درێژەی هەیە، دیکتاتۆر سەددام گەرچی گیراو لەزیندانە، بەلام وجاخ کوێرنییە، ئەمڕۆ دەیان هووردە دیکتاتۆر جلەوی فەرمانڕەواییان گرتۆتە دەست لەعێراقی کاول و وێراندا، هیچ سەیر و سەمەرە نییە کە هەربەرپرسێکی حزبی وحوکمەتی وەك سەددامێک ڕەفتار بکا لەگەل خەلک.

ئەگەر بەعس تەواوی جەستەی کۆمەلگای دانەڕزاندبێ، ئەگەر ستالینیزم و بەعسیزم نەبوو بێتە کلتوورێک، بۆ دەبێ ئازادی مرۆڤ ئەوەندە بەرتەسک کرێتەوە مرۆڤ ئەوەندە تەنگی پێهەلچێنرێ، لەکوردستانی تاقانە نموونەی دیمووکراسی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست، ناچاربێ تەزکیەی حزب سۆرغکا بۆ دامەزران لەسەر ئیش و کارێک.

لە بیرمە لەسەرو بەندی دۆزیینەوەی نەوت لە شیواشۆکی نزیک کۆیە، دۆستێکی دێرین و نزیکم لە ناو دەسەلات هەوالی کردنەوەی پەیمانگای نەوتی پێگووتم، منیش زۆر بەدلێکی گەرمەوە گوتم حەزدەکەم لەو پەیمانگایە وەرگیرێم، دۆست و هاوەلی دێرینم بەهەموو

بڕواوە گووتی ئەگەر ببی بە (. . . . . . . . ) ی وەرت دەگرین، منیش بەدلێکی پڕکەسەرەوە گووتم من نەبوومە بەعسی دەنا لەمێژە پەیمانگای نەوتی بەغدام تەواوکردبوو، نابم بە (. . . . . . . . . . ) یش، ئەمیش بەگلەیی و گازاندەوە فەرمووی یانی ئێمە وەک وبەعس واین، گووتم بەلێ، ئەگەر پێش مەرجتان بەحزبی کردنم بێ چ جیاوازییەکتان هەیە، بەعسیش پێش مەرجی ئەوە بوو ببم بە ئەندامی حزبی بەعس.
ئەم تێڕوانیینە ئەم میتۆدی بەحزبی کردنە ئەم سیستێمی (تەزکیە) یە ئەمڕۆ لەوپەڕییەتی و مۆدەیەکە تەواوی جەستەی دەسەلاتی هەردوو ئەمارەتی گرتۆتەوە کێ هەیە کورسی پەرلەمان و حکومەتی پێ درابێ ئەگەر دەروێشی یەکێک لەم دوو حزبەی دەسەلاتدارە نەبێ یا ئەوپەڕەکەی لەحزبێکی هاوپەیمان و سوێندخۆرنەبێ.
ئەرێ فرمان و بڕیار دەرکردنی سەرکردەکوردەکان بۆ دەنگ دان بە (بەلێ) بۆ ڕەشنووسی دەستوور، دەق کلتووری ستالینیزم و بەعسیزم نییە؟ ئەدی ئەمە دروست مانای ئەوەنادا کە ئازادی ڕا دەربڕین و دیموکراتی لەکوردستان هەر تابلۆ و دیکۆرە؟
ئەرێ کاتێ سەرۆک کۆماری عێراقی عەرەبی ئیسلامی لەژێر ئالاو پەرچەمی سەردەمی ئەنفال کە بەرەگەز کورد و پارێزەر و ڕۆژنامەنووس و بەرگریکاری مافی مرۆڤە بە مافی ژیان بۆ سەدامی دیکتاتۆری خوێنرێژیشەوە، کە دەلێ ئەوکەسانەی دەنگی (نا) یاندا بە ڕەشنووسی دەستوور، پاشماوەی بەعس و کەسانی سەر بە تۆڕی تیرۆریستی قاعیدە و ئەنسارن، تاوانبارکردنێکی لەم جۆرە لە ستالینیزم و بەعسیزم دابڕاوە؟ چ مانایەکی تری هەیە؟
ئێ خۆ ڕژێمەکانی بەعسی گۆڕکراو، تورکیای کەمالیست، ئێرانی تالیبان، سوریای عرووبەش لەهەمبەر د. فەرهاد پیربال، عەبدوللا حەدداد، فەتتاح زاخۆیی د. کەمال سەیید قادر، هەمان ڕەفتار وکاردانەوەیان دەبوو، کە ئەمڕۆ دەسەلاتبەدنستانی کوردستان کردوویانە، با لەبەر خاتری خاتران بلێین کەمێ تووندو تیژتریش دەبوون، ئێ خۆ ئەوان خۆیان بەتاقانە سیستێمی دیموکراتی نوێ لە ڕۆژهەلات ناوزەنەکردووە!!!!!!
ئایا ستالینیانە وبەعسیانە بیرکردنەوە نییە؟ کاتێ نوێنەری حکومەتی هەولێر لە باکوری ئەوروپا، بەڕێز تەها بەرواری کە نیشتەجێی سویدە ودەزانێ لە سوید ووشەکانی دیموکرتی ئازادی و مافەکانی هاولاتی تەنیا گەرەلاوژەنییەو کلتوورو سەرەتاگەیەکە بۆ یاسا بێ جیاوازی لە نێوان سادەترین هاوولاتی، پاشا، سەرۆکی وەزیران، دوای تێپەڕ بوونی 12 ڕۆژ بەسەر فراندن و شونبزرکردنی هاوولاتییەکی کورد* زۆر بێ باکانە دەلێ ڕاستە ئەم بەڕێزە لەهەولێر لەلایەن پۆلیسی هەولێر گیراوە، ڕاستە لەڕێگای چەند داوایەکی یاسایی چەند هاوولاتیەک کەدراوە بەدادگا زیندانی کراوە، ڕاستە مافی ئەوەی هەیە پارێزەری خۆی هەبێ ڕاستە ڕاستە ڕاستەو کۆمەلێک ڕاستەی تر، بەلام لە ڕاستیا خوشکەکانی لەهەولێر و دەرەوەی کوردستان دەلێن هەمووی وانییە دوورە لەڕاستی.
2005-11-08 دووشەممە

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

*نالێم دکتۆرێک دەلێم هاوولاتییەکی کورد، نەک هەردوو بڕوانامەکەی کاک کەمال کەجێ گومانی هەندێ بەڕێزن، بە حزبایەتی و خزمایەتی وەرگیرابن.